# هەولێر وەک کلیلێکی جیۆپۆلەتیکی بۆ عێراق لەکاتی شەڕ و ناشەڕدا

05-05-2026

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** سەردانی ئەم دواییەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، زیاتر لەوەی لە بازنەی گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق دا قەتیس بێت، ڕەهەندێکی ستراتیژیی قووڵتری هەیە؛ ئەویش گوزارشتە لە پرۆسەی خۆڕێکخستنەوەی هێزە سیاسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەژێر سێبەری لێکەوتەکانی شەڕی ٢٠٢٦ی ئێران و ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەرۆکی پرسی کورد و داهاتووی سیاسیی عێراقیان گرتووە.

سەردانی ئەم دواییەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، زیاتر لەوەی لە بازنەی گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق دا قەتیس بێت، ڕەهەندێکی ستراتیژیی قووڵتری هەیە؛ ئەویش گوزارشتە لە پرۆسەی خۆڕێکخستنەوەی هێزە سیاسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەژێر سێبەری لێکەوتەکانی شەڕی ٢٠٢٦ی ئێران و ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەرۆکی پرسی کورد و داهاتووی سیاسیی عێراقیان گرتووە.

ئاشکرایە کە لە دوای هاتنی عەلی زەیدی و شاندی چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە بۆ هەولێر، پرسی پێکهێنانی حکومەت دەرگای بەسەردا کرایەوە. بۆیە لەوانەیە تەماشاکردنی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا بەکەڵکتر بێت؛ پێداویستیی نوێی هەردوولایەنی بەغداو هەولێر بە یەکتر بەتایبەت لە پرسە گرنگە جیۆپۆلەتیکییەکانی وەک شەڕ و قۆناخە  گرنگە چاوەڕوانکراوەکانی دوای شەڕ.

 وادیارە پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ گفتوگۆی زیاتر لەسەر پرسە بنەڕەتییەکانی نێوان پارتی و چوارچێوەی هاوئاهەنگی نیشانەیەکی ئەو خواستەی هەردوولابێت، بەڵام لە ڕاستی دا چارەسەربوونی پرسەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە لیژنە و سازانی کاتی ، کاری کردە نابێت وەک چۆن کاتی خۆی کارنامەی پێکهێنانی حکومەتەکەی سوودانیش نەیتوانی ئەو پرسانە چارەسەر بکات.

بەر لە هەموو شتێک، گرنگیی ئەم سەردانە لە ڕەهەندە جیۆپۆلەتیکییە قووڵەکەیدا چڕبووەتەوە؛ ئاشکرایە کە لەم قۆناخەدا، سیاسەتی شیعە لە عێراق دا پێویستییەکی ستراتیژیی بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەولێر هەیە، ئەمەش پێویستییەکی دووسەرەیە و هەولێریش بە هەمان ئەندازە خوازیاری ئەوەیە. بەگشتی، دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و شەڕەکانی ٢٠٢٥ و ٢٠٢٦ ی ئێران، ناوچەکە لەنێو کەفوکوڵی گۆڕانێکی جیۆپۆلەتیکیدایە. سیاسەتی شیعی لە تەواوی ناوچەکەدا، لە لوبنانەوە تاوەکو تاران، لەنێو جەرگەی شەڕ و ئاڵۆزییەکی بێوێنەدایە لەگەڵ ئەمریکا، ئیسرائیل و دەوروبەرەکەیدا. ئەم دۆخە، لە وڵاتێکی وەک عێراق کە لەڕووی سیاسی و جوگرافییەوە لە چەقی ڕووداوەکاندایە، کاریگەرییەکی زیاتری هەیە.

شەڕی ٢٠٢٦ی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران چەند وانەیەکی مێژوویی و گرنگی بۆ ئەکتەرە سیاسییە شیعییەکانی عێراق تێدابوو؛ یەکێک لە دیارترینیشیان ئەوەبوو کە هەڕەشە تەنیا لەلایەن نەیارەکانەوە نایێت، بەڵکو دەکرێ هەندێکجار هاوپەیمانەکانیش ببنە سەرچاوەی زیان و پەککەوتنی ستراتیژی! بۆ نموونە، لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا، پرسی کێشەکان لە گەرووی هورمز کە شاڕێی هەناردەکرنی نەوتی عێراقە گەورەترین مەتەڵی "جیۆ-ئیکۆنۆمی" بۆ بەغدا دروستکرد. ئەم تەنگژەیە وای لە ناوەندی بڕیاری سیاسی کرد کە بە ناچاری چاو بە نەخشەی گواستنەوەدا بخشێنێتەوە و لەگەڵ هەرێمی کوردستان، سووریا و تەنانەت ئوردنیش بکەوێتە گفتوگۆی چڕ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی جێگرەوە بۆ گواستنەوەی وزە لە"کۆریدۆرە وشکانییەکان"ەوە. لێرەدابوو کە پێگەی هەرێمی کوردستان لە نەخشەی ئابووریی عێراق دا، وەک ڕێڕۆیەکی ستراتیژی دەرکەوت.

وانەیەکی دیکەی گرنگی ئەم شەڕە ئەوەیە کە تەنیا هەبوونی هێزی سەربازی و سەختەهێز، گەرەنتییەکی تەواو نییە بۆ پاراستنی ڕێڕۆکانی وزە و ئاسایشی ئابووری. محەممەد  باقری قالیباف، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران، بەڕاشکاوی دانی بەوە داناوە کە هێزی سەربازیی ئەمریکا لە هێزی دەریایی ئەوان زیاتر بووە، بەڵام ئێران ئەوەی بە جیهان سەلماند کە تەنانەت دەکرێت لە ڕێگەی "شەڕێکی ناهاوسەنگ" و توانایەکی سەربازیی کەمیشەوە، پارێزراوترین ڕێڕۆ ئابوورییەکانی جیهانیش پەکبخرێن. پەندی ئەمە بۆ بەغدا ئەوەیە کە هەر هەوڵێکی عێراق بۆ کردنەوەی ڕێگەی جێگرەوەی وزە یان دروستکردنی کۆریدۆری ئابووریی نوێ، بەر لەوەی پێویستی بە هێزی سەربازی بێت، پێویستی بە "سازانێکی ناوخۆیی" هەیە. پێچەوانەی هەندێک لەو دیدگایانەی پێشوو لە بەغدا کە پێیانوابوو دەکرێ پرۆژەی ڕیگەی گەشەپێدان بەبێ هەرێمی کوردستان و بۆ گوشاردانان لەسەر هەولێر بەکاربرێت. ئەمە سازانێکی پێویستە کە دووربێت لە گرژیی سیاسی و متمانەیەکی ئەوتۆ لەنێوان هەولێر و بەغدا دروست بکات کە ڕێڕۆ ئابوورییەکان لە هەموو جۆرە هەڕەشەیەکی ناوخۆیی و ناوچەیی بپارێزێت.

سەبارەت بە پرسی پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە عێراق، وادیارە قسەکەی ترەمپ بۆ ڕێگریکردن لە گەیشتنەوەی نووری مالیکی بە کورسیی سەرۆکوەزیران سەریگرت، بەڵام لێرەدا پێویستە ئاماژە بە ئەزموونێکی مێژوویی بکەین کە وەک پەندێک لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراق دا ماوەتەوە؛ کاتی خۆی کریستۆفەر هیڵ، باڵیۆزی پێشووتری ئەمریکا لە بەغدا، پێچەوانەی رای ژەنەڕاڵ ئۆدێرنۆ ئۆبامای قایل کردبوو کە هاوشێوەی ئێران پشتیوانی لە مالیکی بکات بەو گریمانەیەی کە لەوانەیە مالیکی لە دژی هەژموونی ئێران بجوڵێتەوە کە دواتر پێچەوانەکەی دەرکەوت. ئێستاش بە هەمان شێوە، ئەگەری زۆرە کە ئەو هیوایەی ئەمریکا لەسەر "عەلی زەیدی" هەڵیچنیوە بۆ ئەوەی ڕۆڵ و کاریگەریی گرووپە چەکدارەکان لە ناو کایەی سیاسیی عێراق دا کەم بکاتەوە، تووشی داڕمان دەبێت. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کاریگەریی گرووپە چەکدارەکان لەسەر دەسەڵاتی عێراق، پرسێکی زۆر لەوە "پێکهاتەییتر" و ریشەدارترە لەوەی کە کە تەنیا بە گۆڕینی کارەکتەرە سیاسییەکان کۆتایی پێ بهێنرێت وەک لە نموونەی هەریەک لە مستەفا کازمی و محەممەد شیاع سوودانیش دا دەرکەوت. ڕێک لەم خاڵەدا و لەنێو جەرگەی ئەم دۆخە پڕ لە نادڵنیاییەدا، ڕۆڵی هەرێمی کوردستان و سەرۆکەکەی وەک

"پردێکی ستراتیژی" بایەخێکی زیاتر پەیدا دەکات؛ ئەم پێگەیە بۆ واشنتۆن و بۆ ناوەندی بڕیار لە بەغدا، وەک ڕێگەیەکی هاوسەنگی دەردەکەوێت کە دەتوانێت لە کاتی تەنگژەدا ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت.

هاوکات، عێراق بەهۆی سیاسەت و ڕەفتاری گرووپە چەکدارەکانەوە، پەیوەندیەکی ئاڵۆزی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و هەندێک وڵاتی دیکەی عەرەبی دا هەیە. پێچەوانەی هەرێمی کوردستان کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئوردن و وڵاتانی کەنداودا هەیە. نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش یەکێک لەو کارەکتەرە سیاسییانەیە کە دەتوانێت لە یەک کاتدا دیالۆگی لەگەڵ جەمسەرە دژبەیەکەکاندا هەبێت. بەر لەوی بچێتە بەغدا لەگەڵ عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی ئێران قسەی کرد و دواتریش لەگەڵ محەممەد بن زاید سەرۆکی دەوڵەتی ئیمارات کۆبووەوە.

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر دۆخی نێوان ئێران و ئەمریکا لەم چەقبەستوویەی ئێستای واتە حاڵەتی "نە شەڕ و نە ئاشتی"دا بمێنێتەوە، ئەوا دوور نییە رکابەرییەکی  ئابووری لە نێوان تورکیا و ئێران دا لە عێراق سەرهەڵبدات. ئەم رکابەرییە تەنیا لەسەر بازاڕی زیاتر لە ٤٥ ملیۆن کەسیی عێراق نییە، بەڵکو ململانێیەک دەبێت لەسەر کۆنترۆڵکردنی ڕێگەکانی وزە و کۆریدۆرە ئابوورییەکان کە دەشێ وەک جێگرەوەی هورمز سەیر بکرێن کە پێگەی جیۆپۆلەتیکی ئەو گەرووە کەمتر دەکەنەوە. لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا، چ لە کاتی شەڕدا و چ لە کاتی ئاشتی دا، پێگەی هەرێمی کوردستان بایەخێکی زیاتر پەیدا دەکات.

ئەگەر لێرەوە سەیر بکرێت ئەوا دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستان سەرەڕای هەموو ئاڵنگاری و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی، سەلماندوویەتی کە هۆکارێکی گرنگە لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا.  بۆیە هەبوون و بەهێزبوونی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان نەک هەر دژی دژی بەرژەوەندییەکانی عێراق نییە، بەڵکو پێگەیەکی گرنگە بۆ تێپەڕاندنی تەنگژە جیۆپۆلەتیکییەکانیش بۆ عێراق.

لەهەمانکاتدا سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا لە پێویستییەکی ناوخۆیی کوردیشەوە سەرچاوە دەگرێت. بەو پێیەی کە هەبوونی پەیوندی لەگەڵ بەغدا وەک ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی ئابووری، ئاسایش و دۆخی ناوخۆییش سەیر دەکرێت. لە ماوەی رابردوودا ناکۆکی نێوخۆیی کورد ڕێگەی کردەوە بۆ ئەوەی کە نەک تەنیا شیعە، بەڵکو لەنێو سوننەکانیشدا کەسانێکی وەک محەممەد حەلبووسی هاتنە نێو ململانێی نێوخۆیی کوردی، وەک ئەوەی کە لە بابەتی هەڵبژاردنی پارێزگاری کەرکووک و سەرۆکایەتی کۆماردا دەرکەوت. بێگومان هەبوونی پەیوەندی و ئامادەیی زیاتر لە بەغدا هەرگیز واتای چارەسەربوونی هەموو پرسەکانی نێوان هەولێر و بەغدا نادات، بەڵام لانیکەم ڕێگرییەک لە دەستوەردانی زۆرتر لە دۆخی ناوخۆیی کوردستان دروست دەکات و ڕێگای سازانی لایەنە کوردییەکان ئاسانتر دەکات، وەک چۆن ڕێککەوتنی ای ئازاری ١٩٧٠ ڕێگای بۆ سازانەوەی پارتی لەگەڵ تاڵەبانی خۆشکردبوو.